

# یادێک لە گوڵێکی وشکبووی ناو ئینجانەیەک

ئەحمەد قادر سەعید
(سلێمانی)

(١)

ئەو بەیانییە ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانم کردیت، چاوەڕوانییەک هەموو پابەندبوون بە کاتەکانمی هەڵوەشاندەوە. دەبوو من لەکات و ساتی دیاریکراودا بگەمە شوێنی کارکردنەکەم، چونکە لەو ڕۆژانەدا بژێوی ژیانمی پێوە بەند بوو، بەڵام کە تۆ هەر دیار نەبوویت و هەر نەهاتیت سەرەداوەکانی کارەکانمی ئاڵۆزتر کرد و دەیان بیری هەمەجۆر و لێکدانەوەی لە مێشکمدا دروست کرد، لەپاڵ بیرکردنەوە لەو دیارنەبوونەت، کەم دەمزانی تۆ هەمیشە بە کاتەکانتەوە پابەند بووی و هیچ کات کەمتەرخەمیت لە بەجێهێنانیان نەکردووە، هەستم لەو چرکە ساتەدا تەرە بوو، بەخۆمم گوت: دەبێ بۆ دیار نەبێ تۆبڵێی نەخۆش بێ، دەبێ ئەم شەو چی ڕوویدابێ، چی بەسەر ئەودا هاتبێت، تۆبڵێی کێشەکی نەخوازراو ڕووی نەدابێ و منی لێ بێ ئاگابم، ئەی خۆ بڕیار وابوو هەر شتێک ڕوبدات منی لێ بە ئاگابم و یەکەم کەس بم ئاگادار بکرێمەوە. نا بەدڵنیاییەوە ڕووداوێکی نەخوازراو هاتووەتە پێش و نەپەرژاوە منی لێ ئاگادار بکاتەوە.

لەناو ئەو لێکدانەوانەدا بەناچاری ڕێڕەوی هاتنەکەیم کرد بە ڕوانگە و پانتایی ڕێگاکەم بە چاو دەکێڵا، لەناو هەنگاوەکانی ڕۆژانی پێشوومدا بوومە ئەو پاسەوانەی لە شەوانی ئێشکیدا چاو لێک نانێ. دەمویست لەسەر کۆڵانێک، لەلاڕێیەک دەرکەوێ و من لەو چاوەڕوانییە نەخوازراوە کتوپڕە نەگریسە قوتارکات، بەڵام ئەو هەر دیار نەبوو. لەو چرکەساتەدا من بێ ئاگابووم لە چاوانی دەوروبەر کە دوور نەبوو چاویان لە سەر جووڵە نائاساییەکانی من بێ. هۆش ئاوارە، دڵ

داخورپا، بیر بۆ زۆر لایەن پەرت بوو، لەناو بێدەنگییەکی قووڵدا دەیان پرسیار خۆیان لە بەردەممدا نمایش دەکرد و خۆیان دەنواند، ئێستا من بەدوای وەڵامێکدا وێڵم لێ لەو کاتەدا هیچ وەڵامێکی دروست دەستەبەر نییە هۆش ئارام بکاتەوە.

تۆ نەهاتیت و منیش دەبوو بڕۆم و جێژوان بەجێ بهێڵم و لەو جەنگی بەرەنگاربوونەوەی ئەو چاوەڕوانییەدا پاشەکشە بکەم و لەناو بۆشایی بێدەنگیدا داخزێمە ناو چەندان پرسیاری بێ وەڵام و نائومێدبوونی دیارنەبوونت.

لەناو هەنگاوە وردەکانی نەگەیشتن بە ئامانج بەرەو ژوورتر لەو چاوەڕوانییە بێ وەڵامە بە خۆمم گوت:

((خەم داتنەگرێ، ژیان هەر ئەو ساتە نییە لەو چاوەڕوانییەدا خۆی بنوێنێ، دەشێ ئەو نەهاتنەش هۆکارێک بێ لەو دەیان هۆکار و لەمپەرانەی بێ پاساو دروست دەبن و لەو ساتەشدا هیچی لێ نازانرێ و لەگوماندا دەمێنێتەوە)).

((جێژوان لەو بەیانەدا چۆڵ بوو، تاک تاک نەبێ پیادە ڕۆیەکان بەو ناوەدا تێدەپەڕین و بەکاری ڕۆژانەوە سەرقاڵ بوون. تۆش لەو سەرەڕێیەدا تاکە ڕێبواری چاو لە ڕێی دەرکەوتنی دڵخوازدا بووی)).

تۆ ئاوات بەخۆت گوت، هەر ئەو گوتنەش جڵەوی بیرکردنەوەتی دایەوە دەست ئەو ڕۆژەی بێ ئەوەی چاوەڕوانی شتێکی لەو جۆرە بکەی (دیلمان) لە بەردەمتدا وەستا و نامەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و دایە دەستت، کاتێک نامەکەت کردەوە چاوت بەسەر ئەو وشانەدا خێرا خێرا دەستیان بە هەڵبەز هەڵبەزکرد، تۆ دەتویست هەموو ناوەڕۆکەکەی لە وشەیەکدا کۆکرابایەوە و مەبەستی دابایە دەستت، ئەوەتا گوڵتان بۆی نووسیبووی:

- ((هاوڕێ ئێمە دوو مرۆڤین، دوو مرۆڤی لەیەکتر جیا. جیاواز لە بیرکردنەوە، جیاواز لە هەڵسوکەوت، لەگەڵ خۆمان و تەنانەت لەگەڵ دەورووپشت، جیاواز لە هەستان و دانیشتن. زیادەڕۆیی ناکەم ئەگەر بڵێم هەتا لە ژیانی کۆمەڵایەتیشماندا، با ئەوەش بزانی من وەک خۆت تۆ دەناسم، دڵنیاشم کە تۆ باشتر لە خۆم من دەناسی.

ئێمە زادەی بوونێکین لە ئاستێکی نزیک لە یەکتری دەوروبەر کاردانەوەی لە سەرمان داناوە باجی ئەو کاردانەوانە هەرچەند بووبن، بەشی ئەوەندە بوون دەروون و ناخی ئێمە جەنجاڵ بکەن، با جارێک ئەوەندە بەس بێ و دەتوانم پێشت بڵێم لە ناو هەگبەی بیرمدا گەنجینەیەک یادەوەری هەڵگیراوە، ڕەنگە ڕۆژێک دابێ دەمی هەگبەی ئەندێشەم والابکەمەوە و ئەوەی چەندان ساڵە پەنگی تێدا خواردووەتەوە بۆتی هەڵڕێژمە سەر خوانی ئاشکرابوون و چیدی دەمی هەگبەم بە بەستراوی نەهێڵمەوە و بەڕاشکاوی پێت بڵێم وەرە لێم نزیک بەوە، وەرە بمگرە باوەش و گوێ بۆ ڕازەکانی دەروونم ڕادێرە کە چاک لەوە دڵنیام ئەوەتای تۆ هەی، بەو ڕازانەی منت نەزانیوە، دوور نییە هەر بەخەیاڵیشتدا دانەهاتبێ، یان هەر بیریشت لێ نەکردبنەوە)).

کە چاوم بەناو و واژۆکەدا گێڕا تووشی شۆک بووم. نامەکەم پێچایەوە، ویستم لەو کاتەدا دیلمان ببینی و چەند پرسیارێک کە لە خەیاڵتدا سەریان هەڵدا ئاراستەی ئەو کوڕە لاوەی بکەی، بەڵام هەر زوو پەشیمان بوویەوە، ئەو کاتە بە خۆتت گوت: (ئەو کوڕە تەنیا پەیامهێنێک بوو و هیچی دی، لەوە دڵنیام لە ناوەڕۆکی نامەکە بێئاگایە، بۆیە لەو ئانەدا نامەکەم خستە نێوان لاپەڕەی ئەو کتێبەی تازە دەستم بە

خوێندنـەوەی کردبـوو، نەمویسـت هـەروا زوو ڕای خـۆم لەسـەر ناوەڕۆکەکـەی دەرببـڕم و هەڵوێستی خۆمـی بـۆ ڕاگەیەنـم. هـەر لەشـوێنەکەی خـۆم ئـەو جێیـەی لێـی دانیشـتبووم چـاوم لێـک نـا وەک ئـەوەی خـۆم بـۆ خەوێک ئامادەکـەم، بـەڵام ناوەڕۆکـی نامەکـە هاتـەوە بـەر دیـدەی خەیـاڵ و کـەم کەمـە وای لـێ کـردم لـە گـەڵ خۆمـدا دەسـت بـە خۆدوانـدن بکـەم، چەنـد بڕگەیـەک بوونـە هەوێنـی جـێ سـەرنجم، بۆیـە بەخـۆم گـوت: ((ئـەو وتـی هـاوڕێ، ئـەوە مانـای وایـە دەیـەوێ سـەرەتایەک بـۆ هاوڕێیەتـی دابنـێ کـە تـا ئێسـتا ئـەو هاوڕێیەتییـەی لـە منـەوە دەسـتگیری نەبـووە. دەی ئـەوە بـا ئاسایی بـێ، منیش لێرە بـەدواوە بەهەمـان ئاهەنـگ هەڵسوکەوتی لەگـەڵ دەکـەم و دەبـم بـەو هاوڕێیـەی ئـەو گەرەکیەتـی.

خـۆ منیـش بـاش دەزانـم ئێمـە یەکتـری بـاش دەناسـین لـە نـاو ئاووهـەوای شـارێکی زامـداردا لەدایک بووین و پەروەردەکراین و گەورەبووین. ئـەدی ئـەو هەمـوو پێداگرییـەی لەسـەر چییـە و دەیـەوێ چیـم پـێ بڵـێ کـە نووسـیویەتی و دەڵـێ هەگبـەی بیرەوەرییەکانـم واڵادەکەمـەوە تـا هەرچی لـە دەروونـی خۆیـدا هەڵیگرتـووە ئاشـکرای بـکات، ئـەوە دەبـێ چـی بـێ و مـن نەیزانـم؟))..

خۆشـت نەتزانـی چـۆن وا لەنـاکاو دەسـتت بـۆ جەسـتەی نامەکـە بـردەوە و جارێکـی دی چـاوت خسـتەوە سـەر نـاوەڕۆک و وشـە و پیتەکانـی، دیـار بـوو نەسـت مەبەسـتی بـوو بەتـەواوی لـە هەمـوو شـتێک حاڵـی ببـێ، بۆیـە دێـڕ بـە دێـڕ و وشـە بـە وشـە پێیـدا هاتییـەوە، هەسـتت دەکـرد کـە لەگـەڵ هـەر وشـە و دێڕێکـدا واتایەکـی تـازە و تێڕوانینێـک خـۆی دەنوێنـێ کـە لـەو کاتـەدا بـۆ تـۆ مانـای نوێیـان بـە دەسـتەوە دەدا و لـە ئەندێشـەدا شـتی نەبیسـتراویان دەدرکانـد.

ئـەو داوای وەڵامـی خێـرای لـە تـۆ دەکـرد، تـۆش نەتدەویسـت هـەروا زوو بـە وەڵامێکـی سـادە خـۆت بخەیتـە نـاو داوی هەندێـک بیـروڕا، کـە لـە دیـدی تـۆدا پێویسـتیان بـە لـێ وردبوونـەوەو تێڕامـان بـوو.

ئـەو پەلـەی بـوو لـە یەکـەم هەنـگاوی ئـەو ڕێکردنـەدا جڵـەوی ئەسـپی سەرکێشـی دەروون بـەو ڕێیـەدا بـەرێ کات، ئـەو دەیـەوێ ئاوزەنگـی بـۆ لـێ بـدا و بیکاتـە یەکـەم پێگـەی جێـژوان و سـەرەتایەک بـۆ یەکبوونێکـی درێژخایـەن. خـۆ ئەگـەر ئـەوەش سـەری نەگـرت هـەر لـە درزی دەرگای وتەکانـەوە قسـەکانی بخاتـە سـەر باڵـی نەرمـە بـای بەیانیـان و دەرگای فەرامۆشـی و لەبیـر چوونەوەیـان بەسـەردا داخـات.

(٢)

سڵاو: مامۆستا.

سڵاو دیلمان گیان

- بـۆ وەڵامێـک ڕاپێچیـان کـردووم کـە بەڕێـزت باشـتر لـە هۆکارەکـەی دەزانیـت..

- تـۆ ڕاسـت دەکـەی، بەڵام دەزانی وەڵامدانەوەی هەندێـک پرسـیار زۆر گرانـە، پێویسـتی بـە چاوەڕوانـی هەیـە؟

- دەی بـە ئـارەزووی خـۆت، مـن هـەر ئەوەنـدەم لەسـەر بـوو ڕاسـپاردەکەم گەیانـد. وەڵامدانـەوە، یـان نەدانـەوە دەکەوێتـە سـەر شـانی خـۆت.

- باشە گوڵم تۆ ئەمانەتی خۆت گەیاند.

دیلمـان ڕۆیشـت و تـۆش لەنـاو گێـژاوی وەڵامدانـەوە و گـوێ پێنـەدان گیـرت خـوارد، جارێکـی دی لـە دوای چەنـد ڕۆژان لـە نێـوان لاپەڕەکانی کتێبەکـەدا نامـەی دڵخوازت هێنایەوە دەرێ، بـە وردی بەنـاو لێشـاوی وشـەکاندا بیـرت پـەرت بـووەوە و تـا لـەدوا دێـڕدا ئـەوەت بـە تـەواوی لـێ ڕوون بـووەوە کـە لـە ناوەڕۆکـدا مەبەسـت چنینـەوەی خواسـتێکە، یـان چوونـە

ناو باخێکە تا لە بەرامەی ئەو سینەی خۆی پڕکات کە لە دەمێک ساڵەوە لە خەیاڵی خۆیدا ڕواندوویەتی و پەروەردەی کردووە و گەورەی کردووە و ئێستا دەیەوێ بۆ هەتا هەتایە لە ئامێزی بگرێ و لێی جیا نەبێتەوە

((ئەرێ ئەو بیرۆکەیە ڕاستە، یان هەر خەیاڵێکی سەرپێییە و لەو ساتەدا هاتە ناو ئەندێشەی ئەو کاتەوەو تۆی خستە ناو دەریای قووڵی بیرکردنەوەوە؟ دەی هەندێک بڕیاردان ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا ئاسانن، بەڵام کە لێکدانەوەی بۆ دەکرێ، دەبێتە بڕیارێکی چارەنووسساز و هەروا بە ئاسانی واژۆی کۆتایی لە دامێنیدا ناکرێ)).

لە درێژەی ئەو هەستە نامۆیانەی کە لەو کاتەدا تۆی سەر قاڵ کردبوو، ئاوات بە خۆتت گوت.

وشەکانی ناو باخچەی نامەکە کەم کەمە کەوتنە وێژینگدان و چاوی خەواڵوویان نایە سەر یەک و دەستیان کردە ملی ئەو خۆزگانەی دوای چاوەڕوانی دێنە دی و دەبن بە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی تەمەن و پاشماوەکانی لەگەڵ خۆیدا دەپێچێتەوە. وشەکان نووستن کەوتنە ناو خەوێکی قووڵ، خەبەریان نەبووەوە تا ئەو کاتەی ئەو لەبەردەممدا وەستاو گوتی: (بۆ ئەوەندە بێباکی و هیچ حسێبێک بۆ ئەو چاوەڕوانییە تاقەت پڕووکێنەی من ناکەی کە لە دەمێکەوە وەک مۆتەکە لە گەردنم ئاڵاوە و شەووڕۆژ بەرۆکم بەر نادات. گلەییم لێ مەکە کە دەڵێم من لەوەتای تۆ دەناسم، هەروا کەمتەرخەم بووی و هەمیشە کارەکانت داوەتە دەست قەدەرێکی نادیار و بەوت سپاردوون. ئەرێ ئەو نهێنییە چییە وا تۆی خستووەتە گێژاوی بیرکردنەوە و خەریکە منیش و خۆشت بەیەکەوە لە گۆماوی گوماندا دەخنکێنێ. خۆ خۆت بۆ شەڕێکی درێژخایەن ئامادە ناکەی تا بەو هەموو لێکدانەوە و ڕیس و گوریسە بپێوی و لە دە لاوە پێکی بگری، ئەوجا بڕیاری چوون، یان نەچوونی بۆ یەکلایی بکەیەوە. ئەو هەموو بیرکردنەوانەی تۆیان جەنجاڵ کردووە تەنیا خۆیان لە چەند وشەیەکدا شاردووەتەوە. ئەرێ بۆ وا متەقت لە خۆت بڕیوە. لێرە دوورناکەومەوە تا ئەو کاتەی دەگەمە دوا ئەنجام).

تۆ لە دڵەوە بەزەییت بەو هەموو جەنجاڵییەیدا دەهاتەوە کە وای لەو مرۆڤە هەست خاوێنە کردووە لەبەرانبەر کەسێکدا داوی شەرمکردن بپسێنێ و ئاوا ڕاشکاوانە دەرگەی دەروونی خۆی ئاوەڵا بکاتەوە و هەستە تامەزرۆکانی پێی بڵێ فەرموو وەرە ژوورەوە تا لە بەرامەی ژیان و بوونم مەستت کەم و جوانترین گوڵی یادگاریمت بە بەرۆکتدا هەڵواسم و خۆشم لە ناو ئەو بەڵێنە پابەند کەم کە لە زۆر دەمێکەوە خۆم لە ناو ماڵە تەنیاییەکەیدا بەند کردووە.

ئێستا ئەو ساتەیە لەناو ئینجانەی بەرۆکی ئەودا گوڵێک وشک هەڵاتووە و چاوەکانی بە ئەستەم هەست بە ڕووناکی دەکەن. دڵ گوشراو بێ ئومێد لە ژیان وردە هەنگاو بەرەو رووت دەنێ، بەچاوی حەسرەتەوە، یان بە ئاماژەیەکی پڕ لە مانا پێت دەڵێ: ئەو ڕۆژانە خەون بوون. ئەوە ئەو گوڵە بوو کە دەبوو لەناو پەرێزی جوانی ساتە نەخشینەکاندا پەروەردە بکرێ، بەڵام بە داخەوە زەوی وشک و بەیاری دووریمان وای کرد تەمەنی هەر ئەوەندە بێ و بۆ داهاتووش لە دووتوێی بوخچەیەکدا جارجارە دەرکەوێتەوە، یان تۆزی کەڵەکەبووی فەرامۆشی لەسەر جەستەی بتەکێنرێ.

**سلێمانی، سەرەتای ٢٠٢٣**